The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.be

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
CAK
chak_org@yahoo.com

# جاشی ناسراوی هه و لیر و ئامر مەفرەزەی تایبەتی (فارس کەریم) به شەهیدی پارتی لەقەڵەم دراوە.

ماوەیەکەناوەندی چاک دەستی بەهەڵمەتێک کردووەبۆ پاککردنەوەی ناوی خۆفرۆشان لە لیستی شەهیدان ، خۆشحاڵانە لەزاخۆوەبۆ هەورامان هاریکاری کراوین.

هەموو خەلکی هەولێر خۆفرۆشی گەورەی گەلی کورد **( فارس کەریم )** دەناسن , کە یەکێک لە سه ره ك مەفرەزەتاییەتیەکانی ڕژێم بوو , ڕۆژانە بەدوای گرتنی گەنجان و جەرگ سوتاندنی دایک و باوکی پێشمەرگەقارەمانەکانە وە بوو ، زۆر جار دوای شەهید کردنیان ، بە ئۆتۆمۆبیل تەرمەکانی بەدوای خۆیدا رادەکێشا بۆ بەردەم بەرێوبەرایەتیەکانی ئەمن ، بە نموۆنەلەساڵی 1982 کاتێک 2 پێشمەرگەی قارەمانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەیەکێکیان ناوی سەیفەدین حاجی بوو بۆ پشوو و سەردان هاتبونەوە ناو بنەماڵەکانیان , کەوتنە بۆ سەی مەفرەزەکانی فارس کەریم و شەهیدیان کردن و دواتر بەئۆتۆمۆبیل لەبناری چیای قەرەچوخەوە تاکو بەردەم بارەگای دائیرەی ئەمن لەشارۆچکەی دیبە گە بەدوای ئۆتۆمۆبیل تەرمە کانیانیان راکێشا .

شایەنی باسەئەم خۆفرۆشە تاکو ڕاپەڕین ئامر مەفرەزەی تایبەتی دائیرەی ئەمن بوو لەشاری هە ولێر ، دواتر بوو بەبەرپرسێکی سەربازی پارتی دیموکراتی کوردستان ، لە دوای 31ی ئاب بە هۆی نەخۆشی سەرەتان ژیانی پر لەخیانەتی کۆتایی هات و موچەیەکی شەهیدانەی بۆ بڕایەوە , تاکو ئێستاش بەردەوامە.

ئێمەهیوادارین وەزارەتی شەهیدان ناوی ئەم خۆفرۆشەلە لیستی ناوی شەهیدەقارەمانەکان ڕە ش بکاتەوە، چونکەسوکایەتیەکی گەورەیەبەخوینی شەهیدەکانمان .

دەبارەش داوا لەخەلکی کوردستان دەکەین بەزانیاری راست و دروست بە بوونی ناوی خۆفرۆشان لەلیستی شەهیدان ئاگادارمان بکەنەوە, بۆ ئەوەی سنوریک بۆ ئەو خیانەتە دابنێین کەبەرامبەر شەهیدەسەربەرزەکانمان ئەنجام دراوە.

ناوەندی چاك
2007-9-25
www.chak.be

chak_org@yahoo.com

تکایە جگە لەم ئێمەیل و ماڵپەرە هیچ  ئادرەس و ماڵپەرێکی ترمان نیە.